## وڵامێک بۆ بەرێز کارزان گارمیانی ... تاڤگە سابیر



نە تاڤگە سابیر دەبێت بە مەهاباد قەرەداغی نە مەهاباد خان دەبێت بە تاڤگە، هەر مرۆڤێک خاوەن کەسایەتی و ئاوەزی تایبەتی خۆیەتی. لێرەو لەویّ ناوە ناوە چەند پێنووسێکی بوێری پیاوان هەن بەتەواوی لەگەڵ مافی ئافرەت دان و هەوڵیشی بۆ ئەدەن بۆ ئەوەی ئافرەتانی کوردیش بگەن بەمافە رەواکانیان. جار جارەش کەسانێک هەن بۆ بەرز کردنەوەی کەسێکی تر (لە وانەیە لە راستیدا ئەم کەسە پێویستی بەم بەرز کردنەوە نەبێت چونکە خۆی بەرزە (بە هەوای دڵی خۆیان هێرش ئەکەنە سەر کە سانی ترو بە ناشیرن و بیّ رەوشت و دزی دە چووێنن. لە نووسینەکیدا بەرێز کارزان گە رمیانی لە رۆژی25-6-2006 ئاماژەی بە نوسینێکم بەناوی (ڕێکخراوەکانی ژنان سوپاس بۆ پارتەکانیان دەنێرن) گوایە ئەمە دەقاو دەق نوسینی مەهاباد خانە و من دزیم لە کردووە. پێش هەموو شتێک ئەم ناونیشانەی بەرێزتان نووسیوتانە گوایا لە30/6/2003 ئەم بابە تەی مەهاباد بڵاو کراوە تەوە لە کوردستان نێت، ئەڵێم ئەمە تەنها درۆیەکی شاخ دارە چونکە لەم رۆژەدا هیچ نووسینێکی مەهابادی تیانیە لەم 11 بابەتە و کاریکاتێرک. یەک نووسینی ئافرەتانی تیایە ئەویش با بەتی کەژاڵ ئەحمەد ڕەشیدە کەلە دژی راو بۆ چوونی مەهابادی نوسیووە لە سەر سیمبولی ئافرە تان. بۆ ناو نیشانی پەرتووکە کەش نازانم چۆن بەدەستی بێنم بۆ ئەوەی راستی ئەویشتان بۆ بسە لمێنم. بەڵام کاکەی گەرمیانی تۆکە نازانی من کێم و نازانی چۆن کە سایە یتیەکم هەیەو نازانی کەی دەستم بەنووسین کردووە چۆن شەلم کوێرم ناپارێزم قسە ئەکەیت؟ ڕاستە ماوەیە کی کورتە دەستم بەنووسین کردووە بەزمانی کوردی بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە من تازە پیّ گەیشتووم لە بواری نووسیندا چونکە نوسینە کانم بەزمانی بیانی بڵاو ئەکردنەوە. بەڵام دەربارەی ئەم نووسینی کە بڵاوم کردەوە بینیم کە ڕێکخراوەکانی ژنان لە درۆی مێدیاکان چۆن سوپاسی پارتەکانیان دەکرد لەجێگای ئەوەی داکۆکی لە مافی ژنان بکەن. بەڕێزم وەکو ئەوەی کە باسی دەکەیت دەڵێت گوایە من چاو لە مەهاباد خان بکەم بۆ ئەوەی داکۆکی لە مافی ژنان بکەم، بەڵام من لەو وولاتەی کەلێی دەژیم ئەوە چەندین ساڵە لەگەڵ گەورە ترین ڕێخراوی ئافرە تان کار دەکەم لە پێناو بە دەست هێنانی مافە رەواکانیان. تا ئێستا دوو سەردانی رەسمیم بۆ کوردستان کردووە تەنها بۆ داکۆکی کردن لە مافی کچ و ژنی کورد، وە تووشی چەندین گیرو گرفت بووم لەگەڵ ئەم پیاوانەی دژی مافە کانی ئافرەتانن کە تائێستاش هەر دژایەتی من ئەکەن، ئەو کاتە مەهابادخانیش لە کوردستان بوو خۆی ئاگادار بوو چۆن کارەکانم ئە نجامدا، ئایا پشتگیریەکم هەبوو هەم لەی پارتاکانەوە یان کەسایە تیە کی ناسراو باڵا دەست؟

من لێرەوە خۆشحاڵی خۆم دەردەبرم هەزاران مەهاباد خانمان لیّ هەڵکەوێت. لە کۆتایدا بۆ گە رمیانی و هەموو ئەوانەی وەک ئەو بیر ئەکەنەوە کەمێک بە خۆتان دا برۆنەوەو بەو شێوە ناشیرنە هێرش مەبە نە سەر کە سانی ترو کەسایە تیان لەکەدار مەکەن کە بە ڵگە کانتان هیچ بنە مایەکی راستی پێوە دیار نەبێت. بەڵام بەداخەوە تۆی بە ڕێز تەنها گولە بە تاریکیەو دەنێت.

سوێد 2006